کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 16:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## با ئەنفالچییە خۆماڵییەکانیشمان لە بیر نەچێت! ... مەهاباد کوردی

دوێنێ 2007.6.24 ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ تەواوی کورد بە گشتی و بە تایبەتیش بۆ گەلی کورد و بزاڤە



ڕزگاریخوازییەکەی لە باشووری کوردستاندا. بڕیاری لەسێدارەدان و بەندکردنی هەتا هەتایی بۆ ئەو جەللاد و خوێنمژە کوردکوژانەی کە کردار و ڕەفتاریان گەلێ دوورن لە کردار و شێوەی بیرکردنەوەی هەر مرۆڤێکی ئاسایی و خاوەن ویژدان، شتێک بوو ڕۆڵەکانی ئەم گەلە قارەمان و چەوساوەیە و بە تایبەتی کەسوکاری شەهیدانی سەربەرزی کوردستان و ئەنفالکراوان لەمێژ بوو چاوەڕوانی بوون. بە بیستنی دەرچوونی وەها بڕیارێک لە لایەن دادگای تاوانەکانی بنکە لە بەغدا ڕۆحی شەهیدان ئاسوودە و، چاوی دایک و باوک و خوشک و برا و کەسوکاری ئەنفالکراوانی کوردستانیش پڕ لە فرمێسکی شادی و خۆشی بوون. خەڵک لەمسەر تا ئەوسەری کوردستان کارەساتە بەدناوەکانی ئەنفال و خۆشەویستان و ئازیزانی خۆیانیان بیر کەوتەوە کە تا ئێستاش هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکەن. هەروەها خەڵکی هەڵەبجەی شەهید وێڕای شادبوونیان بە سزادانی تاوانبارانی جینۆسایدی کورد، لێ دیسانیش هیوای ئەوە دەخوازن، ئەم بەعسییە عەرەبە شۆڤێنییە مرۆخۆرانە حیسابی کارەساتە دڵتەزێنەی شارەکەی لەمەڕ خۆیانیشیان لێ بپرسرێ، ئینجا پەتی سێدارەیان لە مل بکرێ. ئەمە کە مافێکی ڕەوای خۆیانە، دەبێ هەموو کورد و پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان و گشت کەسێکی ئازادیخواز و بە ویژدانیش داکۆکی لێ بکەن.

ئەوانەی کە لە پرۆسەی ڕەش و بەدناوی ئەنفالدا بەشدارییان کردووە و دەستیان هەبووە، هەر بەتەنێ شەش کەس نەبوون کە ئێمە دڵمان بە دادگاییکردنیان ئاو بخواتەوە و هەر بەوەندە کارەکە کۆتایی پێ بێنین. تاوانبارانی وەها کۆمەڵکوژییەک بە سەدان کەسی لێپرسراو و کاربەدەستی ڕژێمی پێشووی گۆڕبەگۆڕ و لەناوچووی بەعسن. لەناو ئەواندا کەسانێکی چڵکاوخۆر و ویژدانفرۆش و خۆفرۆش و سەرەک جاشی بە ڕەگەز کوردیش دەبینرێن. من پێمولیە ئەوانەی کە ئەو سەرۆک جاش و کوردە خۆفرۆشانە بەسەر میللەتەکەی خۆیانیان هێناوە، لە ئاسانکاری و چاوساغی و ڕێ نیشاندان بە جەللادان، نەک هەر هیچی کەمتر نییە لە تاوانەکانی عەلی کیمیایی و داروودەستەکەی، بگرە لە زۆر حاڵەتدا ئەو جاشە خاین و بەکرێگیراوانە جێبەجێکەری ڕاستەقینەی سیاسەتی بە ئەنفالکردنی کورد و کوردستان بوون. نموونە ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن.

بەرەی کوردستانی کە لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ساڵی 1991 دەسەڵاتی باشووری کوردستانی گرتە دەست، نەک هەر ئەو سەرۆک جاشە کوردکوژ و ئەنفالچییانەی بە سزای ڕەوا نەگەیاند، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە خەڵات و بەراتی کردن و پەلکێشی ناو هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری ئەوسا و ئێستای کوردستانیشی کردن. ئەمە کە شتێک نییە لە کەس شارراوە بێ، جارناجار لە لایەن خودی سەرکردە کوردەکانیشەوە بە شەرمەوە درکێنراوە. یەک لە بەرپرسە سەربازییە بەرچاوەکانی شەڕی کوردکوژی ناو هەردوو حیزب، لە چاوپێکەوتنێکیدا دەگەڵ هەفتەنامەی میدیا کاتی خۆی زۆر بە ڕاشکاوی ئەمەی باس کردبوو. کاکی بەرپرس بێ سێ و دوو گوتبووی لە دوای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕاپەڕین پارتی و یەکێتی پێشبڕکێیان دەکرد تا سەرۆک جاشەکان بێننە ناو ڕیزەکانی خۆیانەوە. خوێنەری هێژا بۆی هەیە بگەڕێتەوە نێو ئەرشیفی میدیا و لە قسەکەی منیش دڵنیا بێت.

دادگاییکردنی تاوانبارانی بە کۆمەڵ قڕکردنی خەڵکی کوردستان و دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان و بەندکردنیان، بێگومان سەرکەوتنێکە بۆ کورد لەو بەشەی کوردستان و گشت پارچەکانی دیکەی وڵاتیشدا. کەس قسەیەکی لەسەر ئەمە نییە و تەواوی کوردیش بە وەها بڕیارێک دڵیان خۆش دەبێت. لێ ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگ و تا بڵێی پێویستیشە ئەوەیە کە دەبێ ئەم پڕۆسەیە بەردەوام بێت تا لێپرسینەوە لەگەڵ سەرجەم تاوانباران بکرێت و بە سزای ڕەوای خۆشیان بگەیەنرێن. ناشبێ بە چ شێوەیەک، جا بە هەر بیانوویەک بێت، چاو لەم و لەو تاوانبار بپۆشرێ و بە ئەنقەست نەبرێتە بەر دادگای تاوانەکان. کورد بە لێخۆشبوون لە جەللادانی، بە پێچەوانەی قسە و بۆچوونی سەرکردەکانی، نەک هەر چ قازانجێکی نەکردووە و بەس، بگرە تا تەوقی سەری لە قوڕی کارەساتەکان چەقیوە و ئێستاش پێیانەوە دەناڵێنێت. تاوانبارە خۆماڵییەکان نەدەبوو هەر لە سەرەتادا مامەڵەی پشی پشییان لەگەڵدا بکرێ و دەستیان بەسەردا بهێنرێ. دیاردەیەکی وا سەقەت بەتەنێ لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا نموونەیەکی زەق و بەرچاوە. دیارە هەڵەی یەکەمی ئەم دیاردەیە ناشیرین و نانەتەوەییەش هی سەرکردەکانی کوردە. ئەگەرنا باوکێکی کوڕ ئەنفاکراو، خوشکێکی برا ڕفێنراو، برایەکی خوشک ئەتککراو، دایکێکی ڕۆڵە لەبەرچاو کوژراو، ژنێکی هاوسەر لێ بزرکراو کەی هاتوون بڵێن: ئێمە لە جەللادەکانی خۆمان خۆش دەبین و کورد گەلێکی وا و وایە؟!

لە کۆتاییدا پێمخۆشە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئەندامانی نەتەوەکەم و، بە پلەی یەکەمیش ئەوانەی کە ڕێکخراوی چاک بەڕێوە دەبەن بکەم. بە ڕاستی چاک ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاوی هەبووە لە ناساندنی پڕۆسەی بەدناوی ئەنفال و کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە و زۆر کارەسات و مەرگەساتی تر بە ڕای گشتی جیهانی و داکۆکیکردن لە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان. هەروەها منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو عەرەبە (بەسرە) ییەی کە لە هەڤپەیڤینێکی کوردستان تیڤیدا دڵسۆزانە گوتی: دەبوو پێش داگاییکردنەی دوجەیل، کارەساتی بەدناوی ئەنفال پڕۆسەی دادگاییکردنەکەی دەستی پێ کرابا. بێگومان ئەمە هەر ڕای تایبەتی من و ئەو عەرەبە بەسرەییە نییە. هەر هەموو کورد داواکار و ئاواتەخوازی ئەوە بوون کە هەر لەگەڵ ڕووخاندنی بەعسی بۆگەن و خوێنمژدا یەکسەر سەددام و ڕژێمەکەی لەسەر کورد ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە. بە داخەوە کارێکی وا نەکرا و سەددامیش، بەبێ ئەوەی لەمەڕ کورد پرسیارێکی لێ بکرێت، تۆپێنرا. سوێد 2007.6.25 mehabadk@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.